زانكۆی سەڵاحەدین_هەولێر

salahaddin University - Erbil

# پێگەی ئەخلاق لە دیدی سوکرات

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بەبەشی(فەلسەفە)کراوە،وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی

بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستی(فەلسەفە).


ئامادەکراوە لە لایەن:

**ساراخاتون ابراهیم رسول**

بە سەرپەرشتی:

**د. نەبەز عزیز**


٢٠٢٣_٢٠٢٤ ز

چاکە لەگەڵ کەسانی چاک و خراپدا بکە

تاکو هەمووان فێرببن.

**سوکرات**

**ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە :-**

★بە دایک و باوکی ئەزیزم .

★بە مامۆستاو سەرپەرشتیارم : د.نەبەز ..

★بە سەرجەم مامۆستایانی بەشی فەلسەفە .

★بە سەرجەم قوتابیانی کۆلێژی ئاداب و بە تایبەتیش بەشی فەلسەفە .

**سوپاس و پێزانین:-**

★ســـوپاس و ســـتایش بۆ پەروەردگارمان کە هەموو ئەو ســـەرکەوتنانەی لە ژیانم بە دەستم هێناوە بە فەزلی ئەو بووە .

★سوپاسی دایک و باوک و خوشک و براکانم دەکەم کە لە گشت قۆناغەکاندا هاوخەم و هاوڕێگای کاروانی خوێندنم بوون شوێن پەنجەیان لە سەرکەوتنەکانم دەبینرێت .

★ســوپاســی تایبەت بۆ مامۆســتای ســەرپەرشــتیارم (د. نەبەز ) کەوا بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەکەم ئەرکی زۆری کێشا یارمەتیدەر بوو .

★ســـوپاس بۆ هەموو ئەو مرۆڤە جوانانەی کە بە هەر شـــێواز و ڕێگەیەک و هۆکارێک دەستیان هەبوە لە باشتر کردنی ئەم توێژینەوەیە .

## ناوەڕۆک


| ژمارەی لاپەرە | بابەت |
| --- | --- |
| أ | وتە |
| ب | پێشکەش |
| ج | سوپاس و پێزانین |
| ١ | پێشەکی |
| ٢-٣ | بەشی یەکەم/ تەوەرەی یەکەم<br>رەهەندە سەرەکیەکانی توێژینەوە |
| ٤-٦ | بەشی یەکەم /تەوەرەی دووەم<br>سەرەتایەک لەسەر چەمکی ئەخلاق بە گشتی |
| ٧-٩ | بەشی دووەم/تەوەرەی یەکەم<br>ژیان و ئەو رەوش و بارودۆخەی سوکرات تێیدا ژیاوە |
| ١٠-١٣ | بەشی دووەم /تەوەرەی دووەم<br>بیروبۆچوونی فەیلەسوفانی ترلەبارەی ئەخلاق |
| ١٤-١٥ | بەشی سێیەم /تەوەرەی یەکەم<br>ئەخلاق لە دیدی سوکرات |
| ١٦-١٨ | بەشی سێیەم/تەوەرەی دووەم<br>گرینگترین چەمکە ئەخلاقیەکان |
| ١٩ | ئەنجام |
| ٢٠-٢١ | سەرچاوەکان |

## پێشەکی:-

(ئەخلاق – ئاكا) لقێكە لە لقە گرینگەكانی فەلســەفە. هەر لەكۆنیشــەوە لای فەیلەســوفان بابەتێكی گرنگ و جێی بایەخ بووە ، دەتوانین بلێین تێروانینی جیاواز و هاوشــێوەشــیان هەبووە لەسەر ئەخلاق ، بەتایبەتیش سوكرات .

لەم توێژینەوەیە باس لە دیدگای تایبەت بەخۆی دەكەین وبیروبۆچوونەكانی دەخەینەڕوو.

ســوكرات ئەو كەســە بوو كە بۆ یەكەمجار فەلســەفەی لەئاســمانەوە هێنایە ســەر زەوی . ئەوەندە گرنگی بە ســروشــت نەدەدا ، بەلكو هەوڵیدەدا زۆرترین پرســیار لەبارەی ئاكارو حەقیقەت بكـات و برەو بەئـاكـار و راســـتی بـدات. توانی فەلســـەفە بكـات بە دوو بەشــەوە،فەلســەفەی پێش ســوكرات و فەلســەفەی دوای ســوكرات ، چونكە فەیلەســوفانی پێش سوكرات تەنیا لە سروشت راماون ولێیاندەكۆڵییەوە .سوكرات فەلسەفەی لەگرینگی دان بەســـروشـــت وگەردوون و كۆزمۆلۆژیاوە گواســـتەوە بۆ فەلســـەفەی ئاكار ، واتا لێكۆلینەوە لە مرۆڤ نەک سروشت. بە رای سوكراتیش مرۆڤ لە دوو رەگەزی جیاواز پێكهاتووە،كە بریتین لە جەستەو روح.روح ناوەندی و سەنتەری چالاكی ئەقلی وئەخلاقییە

بۆ قسەكردن لەسەر فەلسەفەی ئەخلاق پێویستە بگەڕێنەوە بۆ فەلسەفەی كلاسیک .

(ســـوكرات) یەكەمین فەیلەســـووفە لە مێژووی هزری مرۆڤـدا چەمكی ئەخلاقی بە شێوازێكی زانستی شیكردەوە.پرسی فەلسەفەی ئەخلاق پرسێكی جیهانیە و لە مێژووی هزری مرۆڤدا، مشــتومڕی فەلســەفی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و ڕوانگە و تێڕوانینی بیرمەندان و فەیلەسووفان جیاوازە لە مەڕ ئەم پرسەوە .

## بەشی یەکەم/ تەوەرەی یەکەم
## ڕەهەندە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە:-

### گرفتی توێژینەکە

لە کاتی نوسینی هەر بابەتێک و توێژینەوەیەک بەتایبەت لە بەش و بواری فەلسەفە کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگ دێتە پێشەوە ئەویش دەتوانین لە چەند شتێک کورت بکەینەوە ، کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی بە پێی پێویست لەبەر دەست نیەو وەرگێرانیشی لەسەر زمانی بیانی کارێکی ئاسان نیە٠

### گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بابەتی ئاکار بەشێوەیەکی گشتی رونبکرێتەوە چونکە گرینگی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە رەفتارو کرداری هەر تاکێکی گۆمەلگاوە هەیە، بەشێوەیەک کەناتوانرێت لەیەکتریان جیابکەینەوە . نەک هەر لە ئێستادا بەڵکو دەتوانرێت هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە رابرووشدا بەدەربخات .

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە تێڕوانینی فەیلەسـوف سـوکرات بزانین لەسـەر(ئەخلاق) لەبەرامبەر تاک و کۆمەلگایە ، هەروەها بزانین چۆن لەم چەمکە تێگەیشتوە و ئەوەندەش گرینگ پێداوە . بیروبۆچوونی فەیلەسـوفانی تریش بخەینەڕوو . هەروەها ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بە شـێوەیەکی گشـتی لە بابەتی ئەخلاق تێبگەین و گرینگی بابەتەکە بخەینە ڕوو .

## میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوە زانستیەدا پشتمان بە میتۆدی شیکاری بەستوە ، هەوڵمداوە لە ڕێگەی ئەم میتۆدە بیرو بۆچونەکانی سـوکرات دەربارەی ئەخلاق روون بکەمەوە . هەروەها بەها ئەخلاقیەکان لە تێڕوانینی ئەم فەیلەسوفە بەدی دەکرێت هەڵبهێنجرێت .

## بەشی یەکەم/ تەوەرەی دووەم

## سەرەتایەک لەسەر چەمکی ئەخلاق بە گشتی:-

ئەخلاق : لەو لقە کۆنانەی فەلسەفەیە کە لەم سەردەمەدا خەریکە بەتەواوەتی سەربەخۆ ئەبێ و لە ئامێزی دایکی جیا ئەبێتەوە هەروەها خەریکە بابەت و ڕێرەو و سنووری خۆی دەستنیشان ئەکات.(عەزیز،٢٠٠٨ ،ل: ٤٩).

ئەخلاق لە ناوەرۆکەوە لەو پرەنسیپ یا پێوەرانە پێکدێت ، کە پەیوەستن بە خێرو شەر، ئەو زەمینەشمان بۆ دەرەخسێنن بتوانین کاروکردەوە مرۆیەکان وەسف بکەین و بڕیاریان لەسەر بدەین ، ئەو پێوەرانەش دوور نیە ئەو یاسا گشتگیرە کەونیانە بن ، کە بەسەر تێکڕای بونەوەرانی مرۆییەوە پیادە بکرێن و ڕەفتاریان سنووردار بکات.

(کانتۆ، سێربێر ، ٢٠٠٩، ل: ١٠ ، ١١).

ئەخلاق لەو لقە مەعریفیانەیە کە بایەخ بە خێر و چاکەی گشتی دەدات و هەوڵی دانان و بڵاوکردنەوەی ڕێساگەلێک بۆ رەفتاری مرۆڤ لە کۆمەلگادا دەدات . کاتێک مرۆڤ بۆ نموونە بیر لە ژیانی خۆی دەکاتەوە ، ڕەخنە لە ڕەفتاری خۆی دەگرێت ، چەند نموونەیەک دەکاتە سەرمەشق بۆخۆی و هەوڵدەدات ڕەفتاری خۆی سەبارەت بە کۆمەڵگا بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕێکبخات یان بگۆڕێ ، ئەوا لە ژێر کاریگەریی ئەخلاق دایە .نموونە ئەخلاقیەکان رەنگدانەوەی هەلومەرجی کۆمەلایەتین ، هەندێ کەس بە تایبەت فەیلەسوفان هەولیان داوە ئەخلاق بە زانست لە قەڵەم بدەن. ئەمڕۆ ئەخلاق زێتر وەک تیۆری پەیوەست بە پەیوەندیی تاکەکەس بە ئەوانی ترەوە حسێبی بۆ دەکرێت و لەچەند بوارێکی وەک ئەخلاقی سیاسی ، ئەخلاقی مەدەنی ، ئەخلاقی ئایینی و ئەخلاقی زانستیدا بەکاردەهێنرێت. (موحسنی ، ٢٠٠٥، ل:١٧).

فەلسەفەی ئەخلاق: - توێژینەوەیەکی فەلسەفیانەیە لەسەر ئەخلاق ، لەراستیدا فەلسەفەی ئەخلاق یەکێک لەبەشەکانی فەلسەفەیە و باس لە پرسیار و بریارە ئەخلاقییەکان دەکات، چاک و خراپ لە قەڵەمدانی کەســـێک و چاک یان بەهەڵە زانینی کردەیەک لە راســـتیدا شێوەیەک لە لێکدانەوە و هەلسەنگاندنە . فەلسەفەی ئەخلاق باس لە ئەزموونی ئێمە وەک بیرکردنەوەیەکی ئەخلاقی دەکات .

ئەخلاق ســیســتەمێکە لە بیرو ڕای باویی کۆمەلگا کە دەربری کردەوە و هەلســوکەوتی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەلگایە ، بۆیە سیستەمی ئەخلاقی ژیانی پێدەوترێت .

کەواتە پێناســـەی ئەخلاق ئەو بابەتەیە کە بەشـــێوەیەک پەیوەندیان بە بیرکردنەوەی ئەخلاقیەوە هەیە ، دەتوانین لەمانە کورتیان بکەینەوە :-

١- ئەخلاق جۆرێک توێژینەوەی ئەزموونی،وەســفی و مێژوویيە ، کەئامانجی باسـکردنی سیستەمەی بەهاکان و عادەتەکانی ژیانی گروپێک لە مرۆڤەکانە .

٢- شـــێوەیەک لە بیرکردنەوەی نۆرماتیڤە وباس لەپێوەرە گشـــتیەکانی ئەخلاق دەکات وبەدوای پێوەرەکانی راست و چاکە دایە .

٣- جۆرێک بیرکردنەوەی شـــیکاری،رەخنەیی یان مێتا ئەخلاقییە وباس لەو تیۆری و داوەرییە ئەخلاقیانە دەکات کە ســـەرجەم ئەم بابەتانە بەبابەتێکی ســـەرەکی بۆ شیکردنەوەی فەلسەفیانە بەکەردێت.

٤- شـێوە لێکۆلینەوەیەکە لەســەر چەکە یان خراپە ، راســتی یان ناراســتی کردەوەیەکی تایبەت کەبەشـــێوەیەکی گونجاو بایەخ بەبەکارهێنانی ئەخلاقی فەلســـەفی لە ژیان دەدات.

٥- لێکۆلینەوەی زانستیانەیە لەسەر دەستەبەرکردنی ئەخلاق،وخوو رەوشتی ئەخلاقییانە.

( گالیندۆ ،زاگاڵ ، ٢٠١٣، ل: ٦ ،٧).

ئەوەی راستی بێ لێکۆلینەوەی ئەخلاق یەکسەر دەمانباتە سەر باسکردنی بابەتەکانی سیاسەت ، چونکە ئادەمیزاد گیان لەبەرێکی کۆمەلایەتیە . خۆ ئەگەر رەوشت و کرداری هەر ئادەمیزادێک بکەین بە بابەتی لێکۆلینەوە و باسکردن ئەوا وردە وردە ئەچینە ناو جەرگەی ژیانی کۆمەلایەتی و کۆمەڵگا و دام ودەزگاکانی سەرخان و ژێرخان.

(عەزیز، ٢٠٠٨،ل: ٤٩) وەکو وتمان فەلسەفەی ئەخلاق زانستێکی سەربەخۆیە و جیاوازە لە یاساو سیاسەت و دابونەریتی کۆمەلگا ، بە نمونە : -

جیاوازی ئەخلاق و سیاسەت لەوەدایە سیاسەت ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیەکانی کۆمەلگایە و پێوەرە سەرەکیەکەی بەدەست هێنانی دەنگی زۆرینەیە ، بەلام لە ئەخلاقدا دەنگی زۆرینە پێوەری دیاریکردنی راست و ناراست و چاکەو خراپە نیە . (گالیندۆ ، زاگاڵ، ٢٠١٣ ، ل:٦) ئەوەی ئەخلاقی لە یاسا شەرعییەکان جیا دەکاتەوە بریتییە لەوەی گشتی نیە و نەنوسراوەتەوە ، بەلکە گشت پێی ئاشنا و لە ناخیاندا گلیانداوەتەوە.

(کانتۆ ، سپێربێر ، ٢٠٠٩ ، ل:١٠،١١).

## بەشی دووەم/ تەوەرەی یەکەم

## ژیان و ئەو ڕەوش و بارودۆخەی سوکرات تێیدا ژیاوە:-

ســـــوکرات لەئەســـــینا و لەســـــاڵی ٤٦٩ پ.ز لە دایک بووە ، باوکی پەیکەرتاش بووە و دایکیشـــی مامان بووە ، لەســـــەردەمی لاویەتیدا پەیوەندی کردووە بەســـوپاوە وبەهۆی ئازایەتی و بەتواناییەوە زۆر چاوی لەســـــەر بووە . ســـوکرات لە جوانی بەدوور بووە ، زۆر ناشـــرین بووە ســـەری ڕووتاوە و گەورە بووە ، دەم و چاوی قۆقز و ناقۆڵا بووە، چاوەکانی زەقی دەرپەریوو بوون لوتی زۆر گەورە و پان بووە . لەگەڵ ئەمانەشـــــدا مرۆڤێکی میهرەبان و ئاسـایی بووە . بۆتە مامۆسـتاو گەنجانی ئەسـینای بۆ لای خۆی راکێشـــاوە(غالب، ٢٠١٢، ل:٣). قســـەیەکی ســـوکراتی هەیە وتویەتی : من لاســـای دایکم ئەکەمەوە ، ئەو مـامـان بووە یـارمەتی ژنـانی ئەدات بۆ ئەوەی منـداڵیـان ببێـت منیش یارمەتی خەلکی ئەدەم بۆ ئەوەی لەکاتی گفتوگۆ و بیرکردنەوە دا بگەنە راســـــتەقینە و بیریکێ تر بهێننەوە کایەوە . ســـــوکرات شـــــێوازی پرســـــیارو وەلامی گرتەبەر کە پێی دەگوترێ دیالێکتیک . شێوازە تیۆریەکەی بریتی بوو لە دوو بەش:-

(گالتەپێکردن و هێنانەکایەوە).

واتە بە نەزانین پیشاندان و پرسیارکردن ئینجا گەیشتنە ئەنجام هێنانە کایەی بیرێکی ترە.

ئەم ڕێبازەش مۆرکی سوکراتی دانای پێوە دیارە بە سێ قۆناغ تێپەریوە:

١-خۆناسین: -

یەکەم هەنگاو بەرەو زانین و پێویســـتە خۆمان بناســـین ئەمجارە هەوڵ بدەین شـــتی تر بزانین.

٢- پرسیارکردن و هەلسوڕانی دەمەتەقێ وگەیشتنە ئەنجام:

کە بریتی بووە لە ســاخ کردنەوەی نەزانین ســوکرات لەیەک شــت بەولاوە هیچی تری نەزانیوە، تەنها یەک شت ئەزانم ئەویش (هیچ نازانم) .

٣- زگماکی زانین:

بەباوەری ئەو هەموو ئادەمیزادێک لەناخەوە راستەقینە هەقیەتی تەواو ئەزانێ.

(عزیز٢٠٠٨،،ل: ١٣٣،١٣١).

سوکرات بەگشتی لە سروشتیات و بیرکاری دوورکەوتەوە ، گرنگی دان بە قوڵای مرۆڤ بەهۆی ئەمەش فەلسەفەی لەچوارچێوەی ئاکاردا دەسوڕایەوە ، لەبەر ئەوەی کە گرینگترین شتە کە تێروانینی مرۆڤی لەسەرە . بە واتایەکی تر فەلسەفەی لەئاسمانەوە هێنایە سەر زەوی ، واتا تێروانینی مرۆڤی لە گەردوون و رەگەزەکانەوە گواســتەوە بۆ دەرونیەتی مرۆڤایەتی ، ئاکاریش لە ماهیەتی مرۆڤ دەســورێتەوە. (غالب، ٢٠١٢، ل:١٢ ) لە ســاڵی ٣٩٩پ.ز ســێ کەس هەســتان بە دژایەتی کردنی ســۆکرات (ئەنیتوس، میلیتوس ،ئەنیتوس) یەکێک بوو لەوانەی ئیرەی بە ســوکرات دەبرد ، ســوکراتیان بەرەو دادگا برد، دادگای (ئیلیاســت) کە ســوکراتی تیادا بانگ کراو ٦٥٥ ئەندام بوون ئەو تۆمەت وقســانەی دژی ســوکرات هەڵبەســترا لەلایەن دوژمنانیەوە پێ ی تاوانبار کرا ئەم ســێ حاڵەی خوارەوە بوون:-

١- بێ بڕوا بوون بە دینی دەوڵەت

٢- هێنانە نانەوەی خوداوەندی نوێ بۆ یۆنان

٣- تێک دانی لاوەکان

گوایە پیرۆزی یاســاکان دەشــێوێنێ واتەئەو خوداوەندە رەت دەکاتەوە کەشــار دانی پیادانــاوە، لە جێگــای خوداوەنــدی نوێ دادەنێ ، لاوان تێــک دەدات ،نــاتوانین بیر لەو تــاوانــانەبکەینەوە تەنهــا بەمردن نەبێ . هیرموجین ســوکراتی بەوە ئاگــادارکردەوە کە

بەرگری بکات لەخۆی کەجەند لەبێ تاوانباران توشـــی کێشـــە بوون و بەرەڵاکران ، سوکرات وڵامی دایەوە ((چی سەرت سوڕدەمێنێ گەر خودا بەسوودەوە کۆتای بە ژیانم بهێنێ ،دەتوانم بە بەڵگەوە تەحەدای ئەو کەســانە بکەم کە خۆیان بەچاکتر دەزانن لەمن زۆر بەهێز بووم بۆ ســەرنج ڕاکێشــانی خەلک بۆلای خۆمدا ، لەمەو دوا گەر پیشــەکەم بەردەوام بێت تێگەیشـــتنم هێواش تر دەبوو ،چاوم کز دەبێ گوێم گران دەبێ ،ئەوەی بەئاســانی فێردەبووم لەبیرم دەچوەوە)) ئەو (بەرگری ســوکراتەی) کە ئەفلاتوون بڵاوی کردەوە ، وادەردەکەوێ ئەم دەقانە دوای مردنی ســوکرات نوســراون بۆ پاســاو کردنی یادکردنەوەی سوکرات.(کریسون، ٢٠٠٥، ل:٣٢ ،٣٥) .

دەتوانرێ کاتی مردنی سوکرات بەباشی لەڕێگای تۆماری دادگایی کردنەکەیەوە بزانرێ لەساڵی ٣٩٩پ.ز و لەتەمەنی ٧١ کاتێک سوکرات لەژورەکەیدا بوو لە بەندینخانەی وڵاتی ئەســیندا ، چاوەڕێی هەلهاتنی خۆر دوای مانگێک کە لە بەندینخانە بوو تا ســزای ژەهر خواردنی بەسەردا سەپاند. (غالب، ٢٠١٢ ، ل: ٣٢).

## بەشی دووەم/ تەوەرەی دووەم

## بیروبۆچوونی فەیلەسوفانی تر لەبارەی ئەخلاق :-

### ئاکار لای پرۆتاگۆراس:-

بابەتی ئاکار وەک چەند بیروڕایەکی جیاجیا لەلای سوفستایەکان دەست پێ دەکات ،بەتایبەتیش (پرۆتاگۆراس)پێی وایە ئادەمیزاد پێودانگی و پێوەری هەموو شتێکە ، قسەی پرۆتاگۆراس بەشێکی گرنگە لە تیۆری زانین بەڵام مەیدانی ئاکاریش ئەگرێتەوە ،ئەگەر ئادەمیزاد پێوەری راست و درۆ بێت ئەوا لەئاکاریشدا هەر ئادەمیزاد سەنگی محەکی کاری بەدو چاکەکاری ئەبێت. لەم هەلوێستەوە هەموو راستیەکانی ئاکار (ڕێژەیی) ئەبن وبەپێی کات وشوێن بەگوێرەی جیاوازی تاکەکەسان وبگرە بەپێی رەوشە جۆربەجۆرەکانی تاکە کەسێک ئەگۆرێت . بەلای سوکرات دژی ئەم بۆچونەیە و هەستەکان جێگای بروانین وسەرچاوەی زانین نین. ئاکار لەسەر بناغەیەکی پتەوقایم نەگۆراو دانراون وبەئارەزوی تاکە کەسان وخەلکی وکات وشوێن ناگۆرێن وپتر لە ئادەمیزاد دا گیان وئەقڵ هەیە کە دەسەڵاتیان بەسەر هەستەکاندا ئەشکێ.(عزیز ، ٢٠٠٨، ل:٥٠).

کەواتە سۆفیستەکان لەچەند لایەنەوە سەرنجڕاکێشن:

لەلایەک بایەخدان بەمرۆڤ وجیهانی مرۆڤ،واتە مرۆڤ سسەنتەر بیریان دەکردەوە،لە لایەکی تر ڕێژەگەری ئاکاری وکولتووریيان لەناو کۆمەلگادا پەرەپێدابوو.مەبەستی پرۆتاگۆراس لەوتەی مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە،ڕێزگرتن وبایەخدان بەڕێژەگەرییە.مرۆڤەکان لەگەڵ یەک ناکۆکن و بیر و بۆچوونی جیاوازیان هەیە،کەواتە راستەقینە بوونی نیە جۆرێک لەگومانکاری لێدەکەوێتەوە.(کۆمەلێک نووسەر،٢٠١٤،ل:١١،١٢).

**ئاكار لای كانت :-**

(ئیمانوێل كانت) سـێ كتێبی لەبارەی ئەخلاقەوە نووسـیوە، لەیەكەم كانت بە مانای باوی ئەخلاق دەسـتپێدەكات لەگەڵ كۆمەلێک چەمكدا كاردەكات كە لەباسـكردنی باوی ئەخلاق بە ئاسانی بەكادەهێنرێت، وەک (باشە، خراپە، ویست، ئەرک) چەند چەمكێكی تر .لەبەشی دووەم كانت دەیەوێت لەفەلسـەفەی مۆراڵی باوەوە بەرەو مێتافیزیكی ئەخلاق بروات ، باس لەو بانگەشـە جیاوازە ئەخلاقیانە دەكات گوایە هەر كاتێک كەسـێک بە گوێرەی پێوەرەكانی خۆی ئەخلاقیانە مامەڵەی كرد ئەوە كردەیەكی باشەی ئەنجامداوەوتوانیویەتی ئەخلاقیانە مامەڵە بكات، وە دەلێ هەر كردەیەک ئەوكاتە دەتوانێت ئەخلاقیبێت ئەگەر لەسەر بنەمای ئەرک ئەنجام درابێت نەک ئارەزوو .(كانت ،٢٠١٥، ل:٢٦،٢٣،٩).

لە چەمكێكی تر وەكو ویسـت كەڵک وەردەگرێ ،هەر لە ڕێگای ئەم چەمكەوە بۆ مان دەردەكەوێ بەچی دەلێن كردەی ئەخلاقی. ویسـتی چاكە لەویژدانی گشـتیدا دەردەكەوێ وئەبێ بەچەمكی ئەركەوە گرێبدەین وئەركیش دەستوورێكە ویستی چاكەی لەئێمە دەوێ چاكەش حەزێكی دەروونی یان حەزێكی سـروشـتی نیە بەلكو لەعەقڵەوە سـەرچاوە دەگرێ.

كانت دەلێ (كردارت بەشێوەیەک بێ وەكو ئەوەی كەدەستووری كردەكەت لەسەر ویستی تۆ لەسروشتدا ببێ بە یاسایەكی هەمەكی). مەبەستی ئەوەیە ویستت لەگەڵ عەقڵدا یەكبكەونەوە، ئەوسا بە یاسایەكی هەمەكی لە قەڵەم دەدرێت.(كاكی،٢٠١٣ ل: ١١٣تا ١١٨).

**ئاكار لای ئەفلاتوون :-**

(ئەفلاتوون) ئەو بیرمەندە دێرینانەیە کە ڕۆلی هەرە گەورەی بینی لە پێناسەکردنی فەلسەفیانەی خێر، ئاوا تەفسیر بکرێ تیۆرێکە بۆ خێر وەک هەقیقەتێکی باڵا دیاریکراوە خودان مەعقوولیەتێکی لەرادەبەدەر . چەمکی خێر هەر لە سەردەمانی دێرینەوە تاکو کۆتایی سەدەی هەژدەم چەمکێکی سەرەکی فەلسەفەی ئەخلاقی بوو.

(کانتۆ- سپێربێر ، ٢٠٠٩ ، ل:٣٢،٣١).

ژیانی ئەخلاقی گەیشتن بەفەزیلەتە،و فەزیلەتیش هەمان بەختەوەربوونە. خێری ڕەها یان خێری بەرز هەمان بەختەوەرییە .بۆئەوەی بەختەوەر بین پێویستە مرۆڤ هێز و توانا دەروونییەکانی خۆی بە باشی پەروەردە بکات. (کۆمەڵێک نوسەر ،٢٠١٤، ل:٣٣). ئەفلاتوون: لەدانانی فەلسەفە ئەخلاقیەکەی خۆیدا پشتی بە بیردۆزی دووانەیی دەروون و جەستە بەستووە،گوتەیەکی بەناوبانگی هەبووە کەدەڵێ"جەستە زیندانی دەروونە"ئەم چەمک و تێزە،ئەفلاتوونی بەرەو بنەما و ڕێبازە سوکراتییەکە بردووە کە پێی وایە چاکەکاری ویاسایە ئەخلاقییەکان لەڕاستیینەی دەروونی مرۆڤەوە بەرهەمەم دەهێنرێ بەتایبەت کاتێک مرۆڤ دەگاتە دانایی و راستی.جا پێی وایە ئەرکی مرۆڤە بۆ ئەوەی لەژیانێکی پڕ لەچاکەکاری وبەرزدا بژیەت،خۆی لە داواکارییەکانی جەستەو خولیاکانی ئاڵوش بەرزتر بکاتەوە،لەهەمان کاتیشدا بەتەواوی ئاوڕ لە دەروون دەداتەوە بۆئەوەی پاکی بکاتەوە وخەوشی تیادا نەهێڵێ.دەبینین ئەفلاتوون خێروچاکەی دەروونی لەوەدا بینیوەتەوە لە زیندانی جەستە دەرباز بێت،لەبەرئەوەی(ژیانی پڕ لەچاکەکاری وفەزیلەت ئەوەی کردووەتە پێویستی بەتەواوی پشت لە جیهانی هەست و پرس وکاروبارەکانی بکرێت ومرۆڤ بەرەو هێمنی تێرامانێکی فەلسەفی بچێت).(کامل،٢٠١٩،ل:١٠٧،١٠٨،١١١).

**ئاكار لای فارابی:-**

هەروەک چۆن زانســـتی لۆژیک،یاســـاکانی مەعریفە ڕەنگرێژ دەکات،ئاکارناســـیش ئەو یاسـابنەڕەتیانە دادەڕێژێت کەمرۆڤ لەهەڵسـوکەوتی خۆیدا پەیڕەویان لێ دەکات،گەرچی پلەوپـایەی کردار وئەزموون لەئەخلاقدا پترە وەک لە لۆژیکدا.زۆرجـار فـارابی جەختی کردۆتە ســـەر ئەوەی ئەقڵ دەتوانێ حوکم بەســـەر هەر کارێکدا بدا بەوەی چاکە یان خراپ.فارابی لەم بۆچونەی دا لەگەڵ کەلامناســـاندا ناکۆکە،کەلامناســـان دەڵێن مەعریفە ســـەرچـاوەکەی ئەقڵە،بەڵام پێیـان وایە ئەقڵ مـافی ئەوەی نیە یاســـاکـانی رەفتـاری کۆمەڵایەتی دابڕێژێ،لێ ئەگەر ئەقڵ لەجیهانی سـەرەوە سـەرچاوەی گرتبێ ومەعریفەش لوتکەی فەزیلەکان بێ،بۆچی ئەقڵ یاســـاکانی ئەخلاق دانەڕێژێ،فارابی لەم ڕووەوە بیرو ڕایەک دەردەبرێت کە بەڵگەیە لەســـەر بۆچوونەکانی.فارابی دەڵێ ئەو پیاوەی هەموو شـــتەکـانی نـاو کتێبەکـانی ئەرســـتۆ شـــارەزا بێـت بەگوێرە ئەو مەعریفەیەش نەجولێتەوە،هێشـتا چاکترە لەو پیاوەی بەگوێرەی راسـپاردەکانی ئەرسـتۆ دەجولێتەوە لەمەعریفەکانی ئەرســـتۆش بێ ئاگایە.لای فارابی مەعریفە پلەیەکی باڵاتری هەیە لەکارو هەڵســـوکەوت،گەر وانەبێت نـاتوانین حوکم بەســـەر هەڵســـوکەوتە ئـاکـاریەکـانـدا بدەین.دەروون بە سروشتی خۆی مەیلی هەیە،دەرون ئەگەر هەست وخەیاڵکردن نەبوایە ئەوە وەکو ســـەرجەم ئـاژەڵانی دیکە خواســـتی دەبوایەگەرچی تەنهـا مرۆڤ سـەرپشـکە،چونکە سـەرپشـکبوون پشـت بە روانگەی ئەقڵانی دەبەسـتێ.کایەکەش کایەی بیرکردنەوەی بێگەردە ئازادی پشـــت بە هۆکارەکانی فیکر دەبەســـتێ،هەم وەکو ئازادی بێت هەم وەکو ناچاری،چونکە ئەزادی بەگوێرەی بنچینەی یەکەمی خۆی،خودا بریاری لەسەر دەدات.لەم ڕووەوە فارابی لایەنگری سەپاندنە. (دی بۆر،٢٠١٣،ل:١٣٤،١٣٥)

## بەشی سێیەم/ تەوەرەی یەکەم

## ئەخلاق لەدیدی سوکرات :-

سوکرات،یەکێک لە گەورەترین ویەکەمینترین فەیلەسوفانی ئەخلاق،لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت، ئێمە سەرقاڵی بابەتێکی بچووک نیین ،بەڵکو ئێمە سەرقاڵی ئەوەین کە دەبێت چۆن بژین.ئەخلاق خۆی بە مانا فراوانەکەی(بە مانای چۆنێتی ژیانکردن).(ڕەیچڵس،٢٠٢١،ل:١١).

زانستی ئەخلاق سەدەی پێنجەمی پێش زایین لەگەڵ سوکرات دەستی پێکرد کە وەکو پێخەمبەرێکی سێکوولار بە ئەرکی خۆی دەزانی پێڕەوکەرانی وشیار بکاتەوە لەوەی پێویستیان بە رەخنەی عەقڵانی لە بیروڕاو کردەکانیان هەیە . کۆمەڵگای یوونانیی سەدەی پێنجەمی پێش زایین بەرەو گۆرانێکی خێرا هەنگاوی هەلدەگرت لە پاشایەتی گەورە مالکیەوە بۆ دیموکراسیی بازرگانی و پیشەسازی.لە راستیدا سەرجەم ئەو تیۆرە ئەخلاقییانەی لە سەردەمی سوکراتەوە تا هەنووکە پەرەیان سەندووە، وەکوو دوو شرۆڤەی بەرامبەر بە یەکدی رەچاو دەکرێن . یەکیان پێوەندیی نێوان واقیعەکان و بەهاکانەوە و ئەویدی پێوەندیی نێوان تیۆرەکانی وەستاو لەسەر سروشتگەرایی وێڕای جەختکردن لە پشتبەستنی دوو بەدوویان بە یەکدی و ئەو تیۆرییانەی لەسەر سروشتگەرایی دانەمەزراون وێڕای جەختکردن لەسەر جیاوازییەکانیان. سوکرات کە لە بوارو بەستێنێکی عەقڵانی بۆ حوکمە ئەخلاقییەکان دەگەڕا ، لە بەدواداچوونی پێوەندیی لۆژیکیی نێوان بەهاکان و واقیحەکان تێگەیشت و لەم سونگەشەوە بناغەی فەلسەفەی ئەخلاقی دانا.(کۆمەلێک نوسەر ،٢٠١٠،ل:٢١،٢٧) .

سوکرات وەکو دانەرو باوکی فەلسەفەی ئاکاری عەقڵی ناوبانگی دەرکرد. لەتایبەتمەندیەکانی فەلسەفەی ئاکاری سوکرات ئەوەیە ، باس لە پەیوەندی نێوان زانین و

فەزیلەت دەکات. کەواتە بە بۆچوونی ســــوکرات زانین یان مەعریفەت و فەزیلەت یەک پێوەریان هەیە. واتە کەســـێک خاوەنی عەقڵە، بزانێ ماف چییە وهەر بەم هۆیەوە ژیرانە کردەکانی خۆی جێبەجێ دەکات. کەواتە هیچ مرۆڤێک لە ڕووی مەبەســـــت و نییەتێکە هەیەتی تووشی کاری خراپە نابێتەوە، هیچ کەسێ شەڕ وەکو شەڕ هەڵنابژێرێ. سوکرات بەختەوەری مرۆڤی لە چێژ و خۆشـــی نەدەبینییەوە، مەبەســـتی ئەوە بوو کردارێک کە تەنیا چێژ بەخش بێ مرۆڤەکان بە بەختەوەری راســــتەقینە ناگەیێنێت. واتە هەر جۆرە کردارێک کە زێدەڕۆیانە بێ، ئێش و رەنجی لێدەکەوێتەوە ، ئەمەش دژ بە کرداری راست و دروستە.

خووگرتن بە کرداری زێدەڕۆیانە مرۆڤ لە راســـتی و دروســـتییەکان دووردەخاتەوە. مرۆڤ لەکردە و کردارەکان بە باشی بکۆڵێتەوە بۆی دەردەکەوێ کام کردە بۆ ژیانیچاکە و کەمەش خراپە، بۆیە خێری راستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە.(کۆمەلێک نووسەر، ٢٠١٤، ل: ١٢،١٣). ئاکار وەک چەند یاسا و بنچینەیەک شان بە شانی سیاسەت گۆرانی بەسەردا هاتووە ، بەرەو پێشچوونی فەلسەفەی هەر لە سەردەمی یۆنانەوە راستی ئەم قســـەیە ســـاخ ئەکاتەوە .هەر بەم پێیەش بە گوێرەی رەوشـــتی ســـیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بابەت و ســـنوور و قەوارەی ئاکار وەک تیۆرێک دەســـتنیشـــان کراوە . بۆ نموونە ئەتوانین دوو جۆری تیۆری ئاکار بەم پێیەی خوارەوە دیاری بکەین :

ئاکاری ســـەردەمی یۆنانی کە بە "ئاکاری بەختەوەری"ناو ئەبرێ و خۆی لەم رســـتەیەدا ئەنوێنێ :

"ئەم ئیشە بکە چونکە ئەبێتە هۆی بەختیار بوونت"

ئاکاری نوێ (بەتایبەت لای کانت) کە بەئاکاری فرمان (واجب)ناو ئەبرێ بەم شێوەیە :

"ئەمە بکە چونکە ئەرکی سەر شانتە"(عزیز،٢٠٠٨،ل:٤٩)

## بەشی سێیەم / تەوەرەی دووەم

## گرینگترین چەمکە ئەخلاقیەکان:-

### چەمکی چاکە

ئەخلاق تایبەتە بەناخی مرۆڤ یان ئەوەتا لەناوەوەی مرۆڤ دەروانێت مەبەست ئەوەیە دەروانێتە حالەتە شاراوەکانی یان نیازەکانی ئەو کەسە. هەر لەبەر رۆشنای ئەم حالەتەش رێز لەکارەکانی دەگیرێت، بەنمونە:- بەخشینی هەندێک پارە بەهەژارو کەم دەرامەتاکان ،یان دروستکردنی نەخۆشخانەیەک ....هتد، لەوانەیە ئەمانە کارێک بن لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەخلاقدا بگونجێن. ئەخلاق وەک بنەما گرنگییەکی زۆر بە نیاز و خواست دەدات هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بنەماکانی ئەخلاق فەرمان بەچاکە دەکەن ونەفرەت لەخراپە دەکان و حوکم لەسەر کارەکانی مرۆڤ دەدەن لەسەر بنچینەی چاکە.

(ئیمام ،٢٠١٢،ل:١٠٠،١٠١).

لەراستیدا خەلکان هەلسوکەوتە ناخۆبەزلزانیەکانیان لەروانگەی ئەو کەسانەوە لێی بەهرەمەند بوون بەقازانجیان بووە ، بەباشیان دەزانی و بەرزیان رادەگرتن ،لەبەر ئەوەی بەپێی عادەت هەلسوکەوتی بێ دەمارەکان بەباش دەژمێردراو بەرز رادەگیرا یەکسەر ئەوانەیان بەچاک دەزانی ، بەجۆرێک کە دەیانگوت((ئەوانە هەر لەزاتی خۆیاندا چاکن)) ئەم بۆچوونە زیاتر لەهەر شتێک لەشوێنی نەگونجاویدا دوای ریشەی واتای چاک کەوتون وەکو بنەما دایان ناوە چونکە سەرچاوەی حوکمی چاک کەسانێک نەبوون کە خەلکان چاکەیان لەحەقدا کردوون، بەلکو ئەمانە خودی((چاکە))کان بوون ، واتە دەسەلاتداران وگەورەکان وپایە بەرزەکان و بەرز ئەندێشان و کرداری خۆیان بەچاک هەست پێ کردووەو بەباشیان زانیوە. هاوشان بوونی واتای چاکە لەگەڵ واتای

(ســودمەند وکارامە) بەجۆرێک کە دەڵێی مرۆڤایەتی بۆ حوکمدان لەســەر چاک و خراپ بەرهەمی تەجرەبەفەرامۆش نەکراوەکانی خۆی سەبارەت بەو شتەی سودمەندو کارامەیە لەبەرامبەر ئەوشـتەی زیانبەخش وناکارامەیە ، کۆکردۆتەوە مۆرکی چاکی لێداوە. کەواتە بۆچوونی چاک هەموو ئەو شــتانەیە کە هەمیشــە ســودمەندی خۆی ســەلماندبێت لەم ڕێڕەوە خۆی لە بـالاترین پلەی پر بەهـای واتە((پر بەهـا لەجەوهەری خۆیدا))بنوێنێت. (نیچە، ٢٠٠٩، ل: ١٨،٢٠،٢٢).

## چەمکی فەزیلەت

ئەو ڕەوشــتانەی کە جێبەجێ کردنی ژیانێکی ژیرانە یان کەماڵێکی مرۆڤانە دابین دەکات بە فەزیلەتەکان دەناسـرێت، ئەو ڕەوشـتانەی دەبێتە هۆی سـووکایەتی کردن بە مرۆڤ، خوی ناشرین و دزێوی پێدەگوترێت، مرۆڤ لەرێگەی فەزیلەتەکان دەبێتە خاوەنی خۆی، ئەو بۆخۆی سروشت وشێوازی نوێ دادەرێژرێت، وە خۆی دەکات بەسەروەری خۆی. فەزیلەتە راســتەقینەکان چێژ و خۆشــی بەمرۆڤەکان دەدەن و ئەم مرۆڤانە تا رادەیەکی زۆر ناکەونە ژێر مەترســی وقەدەرو بەرەوشــتیەوە وە ئەوانی تر کاریگەریان لەســەر دانانێت. فەزیلەتە ئەخلاقیەکان ســــەرگرتنی هەلســــوکەوتە ئەخلاقیەکان ئاســــایی تر دەکەنەوە. کاتێک وەها کردارێک لە مرۆڤدا بناغەی دانا، هەلســــوکەوتنی چاک لەگەڵ هەســتێکی شــادی هێنەردا گرێدەدرێن و لانیکەم دژواریی و ناخۆشــی کەمتری بەدواوە دەبێت. ژیانی ئەخلاقی مانای ئەوە نییە، هەر فرمان ولێکردنێکی کوێرانە پەیرۆ بکرێت. ئەخلاقمەندبوون جۆرێک چاو نەترســـیەو گەیشـــتن بەو ئامانجانەیە کە رۆژانە دیاری دەکەین وە بەدەست هێنان و تۆمارکردنی ئەو فەزیلەتانەن کەبەدوایە دەگەڕێین.سوقرات ســـەرەرای بایەخدان بەبوونی مەعریفە لەئەخلاقدا، لەســـەر فەزیلەت پێناســـەی جیاواز هەبوو. کاتێک بزانین فەزیلەتیدیاریکراو چییە، ئەوکات دەزانین چۆن لەســـەر ئەو بنەمایە

کردە بنوێنین، کاتێک توانای پێناسـەی هێزمان هەبێت، واتە کاتێک سـەبارەت بەوە مەعریفەمـان هەبێـت. دەبین بە خـاوەنی ئەو خـاسـلەتـانە.(گـالینـدۆ،زاگـاڵ، ٢٠١٣، ل:٧٢،٧٤،١٢٦).

**چەمکی دادپەروەری**

یەکێکە لەو بەشـانەی کە ئەخلاقی تاک و رەفتاری کۆمەلایەتی پێک دەهێنێت، بەلام ئەمە بەم شـێوەیە بێت یان بەهەر شـێوەیەکی تر بێت بە ئەخلاق دەبەسـترێتەوە، دادپەروەری خۆی بەشـێکە لەچاکەکان، لەکۆمارەکەی ئەفلاتون بەرادەیەک دەبن بەیەک شـت. ئەو خودە یان ئەو کەسـەی کە ئارامی وگونجان بە نێوان هەرسـێ رەگەزەکەیدا، بەدی بێ، ئەو کەسـە دەبێتە کەسـێکی دادپەروەر و شـتە چاکەکانی تیا بەدی دەکرێ، چاکبونی کۆمەلگاش دادپەروەری پێوەندییەکانە لەنێوان ئەندامەکانیدا – ئەو دادپەروەریەی کەلە ئەنجامی پەیوەسـت بوونی هەر تاکێک بەکارەکەی خۆیەوە رێک و پێکی وگونجان لە نێوان ئەندامەکانیدا بەدی دەهێنێت – دەبێتە دەولەتێکی دادپەروەر و لەئەنجامیشدا دەبێتە دەولەتێکی چـاک و بێخەوش. یەکەم بیرۆکە لەبـارەی دادپەروەری، کە ئەفلاتون لەکۆمارەکەیدا گفتوگۆی لەسـەر کردوە ئەوەیە، کە ئەخلاقە تەقلیدیەکان پشـتی پێ دەبەسـتن و((یەکەم کەسـیش کە ئەو بیرۆکەیەی شـیکردەوە کیفالۆس بوو کە دەلێ: دادپەروەری واتە راسـتگۆیی لەقسـەکردندا وگەرانەوەی قەرز بۆ خاوەنەکانیان، ئەمەش پێناسـەییەکی تەواو ئەخلاقیانەیە)). بەلام پێناسـەکەی ((تراسـیماخۆس))کە یەکێکە لەسۆفستایەکان بە پێچەوانەی ئەو، کەدەلێ:– داپەروەری پەرژەوەندییەکانی ئەو کەسەیە کە لە هەموان بەهێزترە .(ئیمام، ٢٠١٢، ل:١٩٣).

## ئەنجام:-

دوای باســـــکردنی چەند ریبازێکی جۆربەجۆری ئاکار ئەگەینە ئەو ئەنجامەی بلێین فەلسەفەی ئاکار بە تێکڕایی لەم بابەتانە ئەکۆلێتەوە:

١- کێشەی ئەو پەڕیی چاکەکاریی و خێر چییە ؟

٢- سەرچاوەی پابەندبوونی ئاکاریانە کامەیە ؟ ئەبێ بۆچی پێویست بێ لەسەر شانمان هەندێ شـــــت بکەین و خۆمان لە هەندێ کاری تر دووربخەینەوە ؟ بە چ ڕێگایەک ئەتوانین پابەندبوونی ئاکار بزانین ؟

٣- بە ئەقڵ یاخود ویژدان یان هەردووکیان پێکەوە ، یاخود بە هەستی ئاکارابیانە؟

چۆن ئەتوانین کاری پەسەند لە کاری خراپ و ناپەسند جیابکەینەوە ؟

٤- مەبەستمان لە کردارو رەوشتی پەسند و راست چییە و چ شتێک لە رەوشتی چەوت جیای ئەکاتەوە

٥- بەهاکانی ئاکاری خودیین یاخود بابەتین ؟ واتە ئەو بەهایانە لە کردارەکاندا هەن یاخود ئادەمیزاد ئەم بەرگ و کالآیانە یان بە بەردا ئەبڕێ . (عزیز ، ٢٠٠٨ ، ل:٥٣).

## لیستی سەرچاوەکان :-

١- عزين،حەمید،٢٠٠٨،ســــەرە تایەک لەفەلســــەفەی کلاســــیکی یۆ نان، چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر .

٢- سپێربێر،کانتۆ،مۆنتیک،٢٠٠٩،فەلسەفەی ئەخلاقی، چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر.

٣- زاگاڵ،هێکتۆر،گالیندۆ،خۆزە،٢٠١٣،فەلســـەفەی ئەخلاق،بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری،هەولێر .

٤- غالب، د. مستەفا،٢٠١٢،سوکرات،چاپخانەی کارۆ .

٥- کۆمەلێک نوسەر،٢٠١٠، مێژووی فەلسەفەی ئەخلاق ، چاپخانەی خانی،دهۆک .

٦- کریسۆن اندریە،٢٠٠٥،سوکرات ، چاپخانەی گەن .

٧- ئیمانو یَل کانت،٢٠١٥،بناغەدانانی مێتافیزیکی ئەخلاق،لەبەرێوبەرایەتی گشـــتی کتێبخانە گشتیەکان،کوردستان_عێراق .

٨- ڕەیچڵس،جەیمس،٢٠٢١،بنەماکانی فەلسەفەی ئەخلاق ، چاپخانەی تاران .

٩- کۆمەلێک نوسەر،٢٠١٤، بنەماکانی فەلسەفەی ئاکار،چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر.

١٠- سەعید،عومەر، کاکی،٢٠١٣،سەرەتایەک لە فەلسەفەی ئیمانوێل کانت ،

چاپخانەی کەمال،سلێمانی .

١١- موحســـــنی،د.مەنوچێهر،٢٠٠٥،کۆمەلناســـــی گشـــــتی،چـاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.

١٢-کامل،مەجدی،٢٠١٩،ئەفلاتوون،لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان،چاپی یەکەم.

١٣-نیچە،فردریش،٢٠٠٩،سەرچاوەکانی ئەخلاق،چاپخانەی گەن،چاپی دووەم.

١٤-ئیمام،عەبدولفەتاح،ئیمام،٢٠١٢،ئەخلاق وسیاسەت،چاپخانەی خانی دهۆک.

١٥-ت.چ.دی بۆر،٢٠١٣،مێژووی فەلسەفە لە ئیسلامدا،چاپخانەی موکریانی(هەولێر).